# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**ساڵی 1843- 1846دوای زایین**

بەدرخان فرمانروای بۆتان, ساڵی 1843 تەواوی کوردستانی ژێردەستی حکومەتی عوسمانی رزگار دەکا و هەموو حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەهێنێتە ژێر حکومەتی خۆی. بەدرخان پێشنیاری پێویستی پێکهاتنی هێزێکی نیزامی گشتی دەکا و داوای وەلانانی هێزەنیزامیەکانی حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەکا ! لە ژێر حکومەتی ئەودا مەسیحیەکان ئیجازەی تەبلیغی ئایینی خۆیان دەبێ و خەڵکانی دیکەش مافی یەکسان وەکو کوردەکانیان پێ دەدرێ . حەولی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ دەدرێ!

عوسمانیەکان سەرەڕای تەواوی ئەوانە دەتوانن درز بخەنە نێو هێزی بەدرخانەوە و مەسیحیەکان دژبە کودرەکان هان بدەن. یەزدانشیر کە خوشکەزای بەدرخان دەبێ و زیاتر لە نیوەی فەرماندەنیزامیە کوردەکان لەژێر فەرمانی دادەبن، لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە دەکڕدرێن و دژبە بەدرخان رادەوەستن. بەدرخان ساڵی 1846 تسلیم دەبێ و ساڵی 1868 لە تەبعیددا دەمرێ ! دوای تێکشکانی بەرگری بەدرخان بەشە ئازادکراوەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن تورکەکانەوە داگیردەکرێ.